وەزیری ناوخۆ لەگەڵ وەزیرانی ناوخۆی ئوردن و سوریا و لوبنان تاوتوێی میکانیزمەکانی رووبەڕووبوونەوەی ماددەی هەشبەر دەکات

ئەمڕۆ شەممە"عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆ ،لەگەڵ وەزیرانی ناوخۆی ئوردن و سوریا و لوبنان،میکانیزمی هاوبەشیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هەشبەریان تاوتوێ کرد.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوخۆدا هاتووە:-ئەمڕۆ شەممە "عەبدولئەمیر شەمری" وەزیری ناوخۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی چوارقۆڵی کرد کە لە عەممانی پایتەختی ئوردن بە وەزیرانی ناوخۆی عێراق و ئوردن و سوریا و لوبنان بە گفتوگۆکردن لەسەر میکانیزمە هاوبەشەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ماددە هەشبەرەکان بەڕێوەدەچیت.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە :-لە کۆبوونەوەیەکدا کە لەسەر بانگهێشتی "مازن فرایە"وەزیری ناوخۆی ئوردن و بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەرانی کاروباری ماددە هەشبەرەکان لەوەزارەتی ناوخۆی هەرچوار وڵات بەرەوچوو، گفتوگۆی ورد لەسەر چالاکی باندەکانی قاچاخچێتی ماددە هەشبەرەکان لەناوچەکە گفتوگۆی لەسەر کرا ، هەروەک چاوخشێندرایەوە بە چالاکی باندەکانی قاچاخچێتی ماددە هەشبەرەکان لەناوخۆ و ناوچەکە و میکانیزمی کردەوەی هاوبەش و هاوکاری تاوتوێ کرا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قاچاخچێتی ماددە هەشبەرەکان و ماددە دەروونییەکان.

هەر بەپێی بەیاننامەکە:-کۆبوونەوەکە گەیشتە کەمەرەک بەیار و ڕاسپاردەی گرنگ کە بەشدارن لە

پەرەپەدانی هاوکاری ئەمنی نێوان هەر چوار وڵات سەبارەت بە رووبەرووبونەوەی ماددە هەشبەرەکان و ماددە دەروونییەکان